

# هەنگاوەکانی بەر
# لە ئاهەنگ و زەماوەند



## پیاگێت لوتکەی جوانی ئێکسسوارەکانە

ئێکسسوارەکانی هاوینە، مانای جوانی و ناسکی دەبەخشن، ئامرازێکن بۆ جوانی و رازاندنەوەی دەست و مەچەك و گەردن و بەرۆك، لە شێواز و دیزایندا سەرنجراکێشن، گەرمای هاوینە ون دەکەن و سەرنجی هەمووانیش رادەکێشن، کە خۆیان لە گوارە و ملوانکە و بازن و ئەڵقە و ئەنگوستیلە و کاتژمێردا دەبیننەوە و لە چەندین رەنگی جۆراوجۆر و هەمە چەشنن، بە بریقە و رەنگدانەوە و تیشکدانەوەدا جوانیت دەڕازێننەوە و شیاوی پۆشینە. هەر بۆیە مارکەی (پیاگیت – Piaget) چەندین ئێکسسوار و کەرەستەی جۆراوجۆری خستوونەتەڕوو، کە جێگەی بایەخی هەموو خانمێکە، ئەو کەرەستانەی ئەو مارکەیەدا دەرکەوتوون، لە دیزاینی بە بریقە و رەنگدانەوەیە، تا هۆکارێك بن لە رەنگدانەوەی تیشکی هەتاوی هاوینە، گوارەی بە بریقە و کاتژمێری شێوە گەورە و بازنی پان و ئەڵقەی نەخش ورد و ملوانکەی شێوەی ئەستێرە و مەچەك بەندی شۆڕ، مۆدی ئێکسسوارەکانی هاوینەن و لوتکەی جوانیش لە خۆ دەگرن.

خەونی هەموو کچێکە، یان ئەوانەی دەستگیراندارن، لە ڕۆژی ئاهەنگ و زەماوەنددا ببنە شۆخێکی جوان و لە بەرچاوی هەمووان جێگەی سەرنج بن، هەروەها بووکێکی ناوازە لە جوانیدا و سەرنجڕاکێش لە شێوە و لەش و لاردا، ئەمەش بە خۆڕایی دەست ناکەوێت، بەڵکو چەند هەنگاوێکی پێویستە، لێرەوە ئاشنای ئەو هەنگاوانە بە و ئەگەر توانیت پەیڕەویان بکە :


- پاراستنی پێست: هەنگاوێکی گرنگە و لە ڕۆژانی بەر لە ئاهەنگدا، هەمیشە پارێزگاری لە پێستت بکە، لەو ماوەیەدا مەهێڵە ئەوەندە بەر تیشکی خۆر بکەوێت، هەروەها خۆت لە هەوای وشك و گەرم بپارێزە، لە کاتی دەرچوونی گرنگدا، کرێمی دژە هەتاو بەکاربهێنە، ماسك و مەساجیش بۆ پێستی ڕووخسار و جەستەت بکە.

- نیگەرانی و دڵەڕاوکێ: دوو هۆکاری گرنگن بۆ شێواندانی جوانیت، بەتایبەت کاتێك لە سەروبەندی هاوسەری و زەماوەندا دەبیت، ئیدی نیگەرانی و دوودڵی لە زۆر شتدا بۆت دروست دەبێ، خۆشت لە ماندووبوون بپارێزە تا ڕووخسارت هیلاك دیار نەبێت.

- گرنگیدان بە خۆت: ڕۆژانە گرنگی بە لەش و لار و ڕووخسارت بدە، خۆت فەرامۆش مەکە و کرێم و خۆشووشتنی بە خشتە و دیاریکراو ئەنجام بدە، هەمیشە خۆت لە کاریگەری خراپ بە دوور بگرە و خۆت بە کارەکانت خەریك بکە و مەڵێ هیچ شتێکم بە دڵ نییە و نابێ.

- ماکیاژکردن: لەم ماوەیەدا ئەوەندە ماکیاژ مەکە و تا پێستت نەشێوێت و پێستت تەڕ و نەرم بێت و بە دوور بێت لەم هەموو کەرەستەی ماکیاژە. هەوڵبدە زیاتر پێستت سرووشتی بێت و لەو ماوەیە بچێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی و دوور بە لە ماددە کیمیاییەوکانی ماکیاژ.

خواردن و خواردنەوە: لەم ماوەیەدا هەوڵبدە کەسێکی سرووشتی بیت و خاوەن تەندرووستییەکی باش بیت، پێویستە زیاتر سەوزە و میوە بخۆیت و لە خواردنەوە گازی و کهولییەکان دووربکەویتەوە. هەروەها چای سەوز زۆر بخۆرەوە، لەو خواردن و خواردنانە بە دوور بە کە ماددەی کافیینی زۆری تێدایە، هەروەها لیمۆ و هەنگوین و بە خواردنێکی گرنگی خۆتی بزانە.






# شێوازی نیو هاف بۆ پرچی خانمان

ئارایشت و تەسریحەکردنی پرچ، هەنگاوێکی ڕۆژانەیە و پێویستی بە کات و ماندووبوونە، ئەگەرچی هەندێ جار ئارایشتێکی ئاسایی دەکەیت، بەڵام نابێتە جێی سەرنجی کەس و کەسیش دەستخۆشی لە جوانی پرچت ناکات، هەر بۆیە هەر ئافرەتێك ماوە ماوە بە شێوازێك ئارایشتێك دەکەن و قژیان لەسەر ئەو مۆدەوە ئامادە دەکەن. لە مۆدی هاوینەی ئەمساڵدا، جوانترین شێوازی ئارایشتیان دیاری کردووە، کە بریتییە لە شێوازی ئارایشتی (نیو کێك – Half bun)، مۆدێکی سەرنجڕاکێش و ناوازەیە، کە هەموو پرچ خاو دەکرێت و بەشێکی لە ناوەڕاستی سەرەوەی سەر لە شێوەی نیو کێك، یان کێکیکی بچووك دەردەکەوێت و دەبەسترێت، بەشی خوارەوەش بە ئاسایی دێتەخوارەوە، ئەو شێوازە لەگەڵ پرچی درێژ و ناوەند دەگونجێ، بەڵام بۆ قژکورتەکان نەشیاوە. ئەو شێوازە بۆ کاتی دەرچوون و بازاڕ و گەشت دادەنرێت، هەروەها دەکرێ جار جارەش بۆ دەوامی فەرمی و زانکۆدا ببەسترێت، بەڵام بۆ ئاهەنگ و زەماوەند مۆدێکی نەشیاو دەبێت، بۆیە کاتێك نیازی دەرچوون و بازاڕکردنت هەبوو، ئەو شێوازەی نیو کێك گونجاوترین مۆدە.



# شەوچەرە و چەرەز خواردنی جاران

جاران نەریتێکی جوان و خۆشی کوردەواری هەبوو، کە سەر لە ئێوارەوە کابانان چەندین جۆرە چەرەزەیان ئامادەی سەر سفرە و سەبەتەکان دەکرد، تا لە کاتی کۆبوونەوەی میوانان و دۆستان و خزمان، جا چ لە دیوەخان، یان لە ماڵی هەر یەکێك بووایە، لە بەردەم میوانان دابنێن و ئەو بەزم و خۆشی و چەرەزخواردنە تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوو. هەروەها چەندین یاری کوردەواری و پشت تەقێنە و کڵاوێن و یاری دیکەشیان ئەنجام دەدا و شەوانی ساماڵی هاوینە و درێژی سەرمای زستانیان بەڕێ دەکرد، ئەو چەرەزانەش بریتیی بوون لە: گوێز، بەڕوو، فستق، گازۆ، باوی و تۆشفتی، تۆ کودوو، نۆك، مێوژ، تەمرهیندی کە ئەوەی لە گێلاس دروست دەکرێت، نانەقەیسی و گوڵەبەڕۆژە و سیس کە ئەویش لە دڕکی گەنگر ئامادە دەکرێت، جگە لە چەرەز هەروەها شیرینیش هەبوون، وەك : رازیانە و بەداملیێ و لوقم، کە ئەوانە زیاتر بۆ ڕۆژانی جەژن و یادی تایبەت و کاتی خۆشی ئامادە دەکران، تەنانەت بەپێی دابونەریتە کۆنەکان پیاوچاك و شێخەکانیش شیرینییان وەك شتێکی پیرۆز بە منداڵان و گەوران دەبەخشی، چەرەزخواردنی شەوچەرەی جاران جگە لە خۆشی و شادی و تامکردن لە جۆرەها دەنکی میوە و سەوزە و بەرهەمی داری خۆڕسك، هەروەها سوودی بۆ تەندرووستی مرۆڤیش هەبووە، وەك دەڵێن : گازۆ بۆ دڵ باشە و دەنکی کودوو بۆ پرۆستات و فستق بۆ قەڵەوی و پاڵەپستۆی خوێن، گوێز بۆ دڵ و مێشك بەسوودە، نانەقەیسی بۆ کۆئەندامی هەرس باشە، مێوژیش بۆ خوێن.





## ڕووخسار و ش



هەست و خۆشی هاندەران لە هەر شوێن و کاتێکدا بن، هەمیشە بە هەموو هێز و هەستیانەوە پاڵپشتی تیم و کەسایەتییە وەرزەشی و هەڵبژاردە و یانەکانیان دەکەن، تەنانەت جگە لەوەی چەندین وڵات دەبڕن تەنیا بۆ هاندان و ئامادەبوونیان لە نێو ستێجەکانی یاریگا و هەندێکیش لە دەرەوە و سەر شەقامەکان بە دیار سات و ڕووداوەکانی یارییەکان بەسەر دەبەن، ئەوانەی



## کێکی شووتی ی

هەوڵبدەن تەنیا بە سەیرکردنی وێنەکان خۆتان یەکلایی بکەنەوە، ئاخۆ ئەوانە کێکی شێوە شووتییە، یان شووتیێ شێوە کێکە، بێگومان ئەوەی دووەمیان ڕەنگە ئەستەم بی کە ئاخۆ چۆن بتوانین شووتی لە شێوەی کێك بڕوێنرێت، بەڵام خۆ دەکریێ کێك لە شێوەی شووتی ئامادە بکرێت. وەك لە کارگەی شیرنەمەنی (جیمی) دروست دەکریێ کە لە شاری (ییلان)ـە و دەکەوێتە وڵاتی تایوان. لەم کارگەیە چەندین جۆرە کێکی شێوە سەیر و سەمەرە دروست دەکەن، دواترینیان کێکە لە شێوەی شووتی،

## ـــــــیوەی هاندەرە سەرشێتەکان







لە نێو یاریگا دەبن، بە جوولە و هاوار و هاندانەکانیان کۆنترۆڵی خۆیـان لـە دەسـت دەدەن، ئیـدی هەمـوو جۆرە جوولـە و کارێك دەکەن، هەندێکی دیکەش سەر و چاو و ڕووخساریان بە بۆیە و ئارم و لۆگی هەڵبژاردە و یانەکانیان خۆیان جوان و دەڕازێننەوە تا ببنە جێگەی سـەرنجی هەمووان، چاوی کامێراکانیش وەك چاودێرێك وێنەی ئەو هاندەرە سەرشـێتانە دەگرێت، لە دواترین

و سـەیرترین سـەر و سـیمای هاندەرانـەوە کـە لـە پاڵەوانییەتی کۆپـا ئەمریـکا و یارییەکانی یـۆرۆدا دەردەکەوتن، وادیارە ڕێژە و ژمارەی شـێوە سـەیر و ڕووخسـارە بۆیەکراوەکانـی هاندەرانی کۆپـا ئەمریـکا لـە هاندەرانی یـۆرۆ زیاتر و سـەیرتر بووە، هەر بۆیەش کۆپا ئەمریکای ئەوجارە، بە کۆپای هاندەرە سەرشـێت و ڕووخسارە سەیرەکان ناسرا.



## ـــــــان شووتی کێک

هەمان دیکۆر و دیمەنی شـووتی هەیە، تەنانەت حیسـابی دەنکەکانـی ناو شووتیشـی بۆ کـراوە، لەو کارگەیە ڕۆژانە نزیکەی سـەدان کێکی لەم جۆرە ئامادە دەکرێن و میوانان و خوازیارانی کێکی شـێوە شـووتیش دێن دەیکڕن و یاخود لە چێشـتخانەی کارگەکەدا نۆشـی دەکەن، ئەوەی سـەیرە هـەر کێکە شـووتییەك نرخـی (١٠٠) دۆلاری ئەمریکییە و داواکاری زۆریشـی لەسـەرە، خاوەنی ئەو کارگەیە ناوی (لی وان)ـە و دوای ئەوەی خۆی کێکەکە ئامادە دەکات، هەر خۆیشی پێشکەشی میوانانی چێشتخانەکەی دەکات.





## کێوێکی شـــەپۆڵدار !

هەمیشـە زانیومانـە کـە دەریـا و ئـاو شـەپۆڵیان هەبێ، ئـەوەش بەهـۆی ئـەو پاڵەپەسـتۆیەی لـە نێـو قووڵایـی زەریـا و دەریـا و ڕووبارەکانەوە دەردەکـەون و ئیـدی هێـدی هێـدی دەبێـتە شـەپۆلێکی بچـووك و پاشـان گـەورە، بـەڵام ئەگـەر ڕۆژێـك پرسـییان ئاخـۆ کێـو و شـاخی شـەپۆڵدار هەیە، تووشـی سـەرسوڕمان مەبە، چونکە کێوێکی گەورەی شێوە شەپۆڵدار هەیە دەکەوێتە ناوچـەی (هایـدن) لـە ڕۆژئـاوای وڵاتـی ئوسـتراڵیا، بـەرزی ئـەو کێـوە دەگاتـە (١٤) مەتر و بـە درێژایی (١١٠) مەتریش بنارەکانی لە شێوەی شەپۆلی ئاو و دەریاوەیـە. دەگوترێت ئەو شـوێنە بـۆ (٢٧٣) ملیار سـاڵ دەگەڕێتـەوە، لـەو کاتەی کە زەوی دروسـت بـووە، لـەم شـوێنەدا ئـاو و هەوای بەهێـز هەبووە و کاریگـەری ئـاو و هەوایەکـە وایکـردووە کـە شـێوەی ئەو کێوە شەپۆڵدار بێت، هەندێکی دیکەش نەشارەزایی خۆیـان لەو دیاردەیە نیشـانداوە کـە زانیارییان نییە ئاخۆ ئەو کێوە شەپۆڵدارە چۆن دروست بووە.



# ئەڵقە و ئەنگوستیلە سەیرەکان

ئەگەر دەستەخوشکێکت یان هاوڕێیەکت ئەڵقە، یان ئەنگوستیلەیەکی سەیری لە پەنجە بوو، ئەوەندە بە سەرسامی لێی مەڕوانە و بە ئاسایی وەریبگرە، چونکە مۆدی ئەڵقە و ئەنگوستیلەی تازە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئەوەی ناچێتە مێشکەوە لە شێوە و دیزاینی ئەو ئێکسسوارەوە دروست کراوە. بەم دواییە کۆمپانیایەکی دروستکردنی کەرەستە و ئێکسسواری ئافرەتان بە ناوی (ستیمپۆنك)، مۆدی تازەی ئەڵقە و ئەنگوستیلەی جۆراوجۆری لە ژێر ناوی (ئاوك – OOAK)، بەرهەم هێناوە، کە زۆربەیان لە سەیرترین و ناوازەترین دیکۆر و دیزاین دروست کراون، تەنانەت هەندێکیان مانادار نییە و تەنیا شێوەیەکە، ئەوەی سەیرە لەلایەن گەنجان و بەتایبەی کچانەوە بایەخی تەواوی پێی دراوە و ئەو ئەنگوستیلە و ئەڵقە سەیرانە لە پەنجە دەکەن.

## کراس و جلوبەرگ لە شیرنەمەنی و چۆکلێت



لەمەودوا ئافرەتان دەتوانن جلەکانیان نۆش بکەن و بیخۆن، ئەوە قسەی ئەو خانمەیە کە ناوی (ویندی هیگاراتی)یە کە تەمەنی (٥٤)ساڵە و هەمیشە بە دوای بیرۆکەی سەیر و ناوازەدا دەگەڕێت، دواجار بیرۆکەی دروستکردن و ئامادەکردنی کراسێکی بۆ هاتووە، کە زۆربەی بەشەکانی کراسەکە لە چۆکلێت و شیرنەمەنییە، لەو کاتەی (ویندی) خەریکی هاوسەرگیری تازەیە لەگەڵ پیاوێك بە ناوی (ئییان)ی تەمەن (٦٣) ساڵ، ئەویش بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەو کراسەی بۆ هاتووە، کە کراسی خۆی و هەر چوار بەربووکەکانی لە شیرینی و چۆکلێت و شیکۆڵاتە دروست کردووە، ئەوەی سەیر بوو لە ئاهەنگەکەیدا هەریەکە خەریکی خواردنی کراس و بەرگەکەی خۆی بوو، لە کۆتاییشدا زۆربەی کراسەکانی ئەو خانمانە نۆشی گیان کران.




## خەوننامە

- گوڵ

گوڵ هەمیشە مانای جوانی و پاکی و هەستی جوانە، چ لە خەو چ لە راستیدا پێشکەشت بکرێت، دیارییەکی بە نرخە و رەتکردنەوەی ئەستەمە. با بزانین گوڵ لە خەودا چ مانایەك دەبەخشێ. گوڵ مانای خۆشی و پاکی دەبەخشێ. ئەو کەسەی لە خەودا گوڵ وەربگرێت، یان بە سەریەوە بێت، واتە داهاتووی بەرەو خۆشی و باشی دەچێت. لە دوورەوە تەنیا گوڵ ببینیت و پێی نەگەیت، واتە هەنگاوێکت لەبەردەمە و بۆت نابێت. ئەو کوڕ و پیاوەی گوڵ وەربگرێ، مانای ئەوەیە کەسێکی جوان و ناسکی بۆ دەبێ، ئەگەر ئافرەتیش گوڵی پێشکەش بکرێ، یان لە دەستی بێت، واتە تەندرووستی و جوانی بەرەو باشتر دەچێت.

## پەند و وتە



- تۆماس باین، بیرمەندی ئینگلیزی ساڵی (١٧٣٧) لە شاری تیفۆردی بەریتانی لە دایك بووە و ساڵی (١٨٠٩) کۆچی دوایی کردووە. دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانێك دەڵێ: **هەوڵدان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کەسانێك کە وازیان لە هەموو پرەنسیب و بنەمایەك هێناوە، وەك ئەوە وایە کە دەرمان بە جەستەیەکی مردوو بدەیت و چاوەڕێی ئەنجام بیت.**

## نوکـــــتە


- مامۆستایەك بە قوتابییەکانی گوت: هەر یەکەو وێنەیەك بکێشن. هەموو خەریکی وێنەکێشان بوون، دواجار مامۆستا بۆ بینینی وێنەکان دەچێتە لای یەکێك و دەڵێ: بۆ هیچت نەکێشاوە؟ ئەویش دەڵێ: مامۆستا وێنەی گا و هەندێك گژ و گیام کێشابوو. دواتر مامۆستا دەڵێ: ئەی کوا گیا و گا؟ ئەویش دەڵێ: لە وێنەکەدا گایە گەورەکە هەموو گیایەکەی خوارد و دواتر ڕۆیشت!



## کاریکاتێر


- ئەم کاریکاتێرە باس لە نەزانینی مرۆڤ دەکات، وەك ئەو دوو کەسە دارێکیان بڕیوەتەوە و ژینگەیان تێکداوە، تەنیا بۆ ئەوەی لە شوێنی دارەکە یارییەك بکەن.






## کاوڕ

بە دوای چارەسەری کێشەکانتدا دەگەڕێ و کەسیش نییە هانای بۆ ببەیت. خۆت کاری لەسەر بکە و بیر لە چارەسەری کۆتاییان بکەوە. هەڵوێستت لەسەر کەسانی دیکە هەبێ و ئەوانەی لە بەرژەوەندی تۆ دەبن، لایەنگرییان بکە، کێشەکانت بەرەو کۆتایی دەچن و بێزاریش مەبە.




## گا

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و پێویستە شێوازی ڕەفتارت بگۆڕیت. ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە و هەمیشە بیر لە داهاتوودا بکەوە، هەوڵبدە بە خەیاڵ چارەسەری گرفتەکانت نەکەیت، بەڵکو لە واقیعدا کاری لە سەر بکە، کەسێك هاوسۆز و هاوخەمتە و تۆش لە دەستی مەدە.




## جمک

خۆت لە کاروباری کەسانی دیکە هەڵمەقوڵتێنە، بەشداری کاری چاك و کارە جیاوازییەکانیان بکە، بەڵام لە نهێنی و کێشەیان خۆت بە دوور بگرە. ئەرکەکەت ماندووت دەکات و هەوڵبدە پشوویەك بە خۆت بدەیت تا هەست و دەروونت هێورتر ببێتەوە.




## قرژاڵ

وەك هەمیشە بە دوای ڕێگەی چارەسەری کێشەکانتدا بگەڕێ و کەسانی دەوروبەریشت فەرامۆش مەکە. بە نهێنی چاودێری دەوروبەرت بکە و بزانە کێیە ئەو کەسەی کێشەت بۆت دروست دەکات. کەسایەتیت بەهێزە و کەسێکی شیاوی لە کارەکەت و بەردەوام بە.



## شێر

بە گەشبینییەوە چاوەڕێی ئەنجامی هەنگاوەکانی داهاتووت بکە، چونکە بەرەو گۆڕانکاری تازە لە ژیانتدا دەچی و ئەوەی هەستی پێدەکەیت تەنیا پێشبینییە و بەرەو باشی دەچیت. لەگەڵ کەسێکدا کێشەت هەیە و لە یەکتر تێناگەن، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدە لەسەر ئەو کەسە و پێویستە لێی دوور بکەویتەوە.



## گوڵەگەنم

بڕوات بە قسە و پێشبینییەکان نەبێت، پلان بۆ داهاتووت دابنێ و کاریان لەسەر بکە. ئەو ئەرکەی ئێستات بێزارت دەکات، بۆ ماوەیەك بەرگەی بگرە، چونکە لە داهاتوودا باشتر دەبێت. بڕیاری دروست بۆ ژیانت بدە و خۆت کاریان لەسەر بکە، لە بڕیاردان دوودڵ مەبە.




## شایان

چاوەڕێی دەرفەتەکان مەکە و کاری خۆت جێبەجێ بکە، مەهێڵە کەسانی دیکە بەشداری هەنگاوەکانت بکەن. کەسێکی نزیکت لە هەموو کاتێکدا لەگەڵتە، تۆش لە دەستی مەدە. شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕە و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ.




## دووپشک

هەر کاتێك تووشی کێشە و گرفت بوویت، ئارام بگرە و چاوەڕێی ئەنجامەکان بکە و هەوڵبدە هەڵمەچوو. چونکە ئەو ماوەیە بەهۆی تووڕەبوونەوە تووشی کێشەیەکی گەورە بووی. لێبوردە بە و دڵت گەورە بێت . کەسێکی نزیکت ئاگاداری تۆیە و چاودێریت دەکات.



## کەوان

خەم لە ڕابردوو مەخۆ و خەریکی داهاتووت بە.، ئەو ماوەیە بێزاریت پێوە دیارە و ئەوەش پێویستی بە گۆڕانکاری لە بیر و باوەڕ و کارەکانتە، لەگەڵ کەسانی نزیکت بەردەوام بە لە هاوکاری کردنیان، کەسێك کێشەی بۆت دروست کردووە، فەرامۆشی بکە و خۆی واز دەهێنێت.




## گیسک

هەمیشە بیرکردنەوەی جوانت هەیە و پێشبینی ئەنجامی هەنگاوەکانیشت ڕاست و دروست دەردەچن، هەر هەنگاوێك پێش ئەوەی کاری لەسەر بکەیت، مەرجی خۆت دابنێ و مەهێڵە کەسانی دیکە بەشداری نهێنییەکانت بکەن. هەر بڕیارێکی بە پەلە بدەیت، زیانی بۆت دەبێت.



## گۆزە

کەسایەتیت بپارێزە و ڕێز لە بیر و باوەڕی کەسانی دیکە بگرە. کەسێکی نەرم و نیانی لە ڕەفتار و بە هەستیش توندی، بۆیە دەبێ خۆت لەگەڵ کەسانی دیکە بگونجێنیت. بڕیاری زوو مەدە لەسەر هیچ لایەنێك، بڕوات بە داهاتوویەکی باشی خۆت هەبێت و کارەکانت شیاوتر دەردەکەون.



## نەهەنگ

شاردنەوەی نهێنییەکانت گەورەترین سەرکەوتنە بۆت، چونکە کەسانێك هەن لە دوای کێشەنانەوەن بۆت. هەوڵی خۆت بۆ چارەسەری کێشەکانت بدە و ئەگەر پێویستی کرد داوای یارمەتیش بکە، ئاواتێکت بە دەست دێ کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی بوویت، هەستت کراوەتر بکە.




# تابلـــــــــــۆ

- مادووینا

یەکێکە لە تابلۆ ناودارەکانی وڵاتی ئیتاڵیا، لەلایەن وێنەکێشی ئەو وڵاتە (ڕۆبێرتۆ فیرووزی)، کێشراوە، کە لە ساڵی (١٨٥٣) لە شاری (سایبینیك) لە وڵاتی کرواتیا لە دایك بووە، نیازی وێنەکێش لەو تابلۆیەدا نیشاندانی هەست و سۆزی (مادونینا)یە، کە لە زاری ئیتاڵیەوە بە مانای دایکێکی بەسۆز و بچووك دێ، ئەو تابلۆیەی لە ساڵی (١٨٩٧) کێشراوە، تابلۆکە لە شێوەی پۆرترێتە، بە درێژی (٦٠) سەنتیمەتر و پانی (٤٥) سەنتیمەتر، فیرووزی لە ساڵی (١٩٣٤) لە شاری ڤینسیا کۆچی دوایی کردووە.

## فێلکاری وێنە

- لەم وێنەیەدا ئامێرێکی مۆبایل هەیە، هەوڵبدە شوێنەکەی بدۆزیتەوە و دیاری بکەیت!



## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە!

